# کوا لووتکه ی ئیسلام ؟!

ئاماده کردنی : فاتیح ئیسلام

جیهاد زاراوه یه کی گشت گیره له قاموسی ئه م ڕێبازه(ئیسلام). ئه شێ بڵێن واتای کۆشش وتێکۆشانه بۆبه رزڕاگرتنی که لیمه ی الله سوبحانه وته عالا. به گشتی عوولە ما له سه رئه م عه قیده یه ن که ئه گرهه رێم وناوچه ومه ڵبه ندێکی ئیسلام که وته ژێرته وژمی دوڕندانه ی کووففارجیهاد حوکمی فه رضه بۆدانیشتوانی ئه وهه رێم وناوچه یه بۆده رپه ڕاندنیان که له مه زهه بی حه نه فی دا هاتوه ئافره تان به بی ڕوخسه تی پیاوان، عه بده کان به بێ روخسه تی سه روه ره کانیان، وکوڕان به بێ روخسه تی وه لی ئه مریان ئه توانن هاریکاری ئه وجیهاده بن .

حوکمی جیهاد له مه دینه نازڵ ئه بێت وخوای گه وره به فه سیحترین که لام ته کلیفی موسلمانان ڕوون ده کاته وه وه کوو له ئایه تی 216 ی به قه ره دا ده فه رمویت : **كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ** (216)

جه نگتان له سه رپێویست کرا که لاتان ناخۆشه وه ئه گونجێ شتێکتان پێ ناخۆش بێت وباش بێ بۆتان وه ئه گونجێ شتێکتان پی خۆش بێت وخراپ بێ بۆتان وخوا ئه زانێ وئێوه نازانن.

له ئایه ته کی که خوای سوبحانه وته عالا ده فه رموێت :
**إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللّهِ فَاسْتَبْشِرُواْ بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ** (111)

به ڕاستی خوا کڕیویه تی له باوه ڕداران گیان ومال به وه ی که به هه شتیان ده داتێ ئه وبرواداراانه جه نگ ده که ن له ڕێ ی خوادا ئینجا بێ باوه ڕان ده کوژن وخۆشیان شه هید ده بن ئه مه به ڵێنێکی ڕاسته له سه رخۆی له ته ورات وئینجیل وقورئاندا جا کێ به به ڵێن وپه یمانی خۆی وه فادارتره له خوا؟ که واته مژده به خشن وشادمان بن به وفرۆشتنه تان که مامه ڵه تان پێ کرد هه رئه وه یه گه شتن به ئامانجی زۆرگه وره .

بۆیه پێغه مبه ری ئازیزده فه رموێت: من زۆرپێم په سه ند وهێژا وبه نرخه که له ڕێی خوای گه وره بکوژرێم، جارێ که زیندو بمه وه، جاره کی که بکوژرێم، وجاری که زیندووبمه وه وبکوژرێم .( متفق علیه )
وله حه دیسه کی که ده فه رموێت: ڕۆشتن له سپیده ی به یان( بۆ جیهاد )یان له سه ره تای شه و له دونیا وهه مووئه وشتانه ی که له دونیایه به نرختروبه ڕێزتره( متفق علیه )

ابن قیم جوزی رحمة الله ده فه رموێت باشترین عیباده ت دیفاع کردنه له پاراستنی ئیعتقاد وئیخلاق ( خو ره وشت وئاکار )، وده رکردنی ته جاوزگه رانه له ولاته که ت .
ئه م دیفاعه مه شروعێکه که به جیهاد ناسراوه له کۆمه ڵگه ی ئێمه ،له ئیسلام دا له قاڵبی عیباده ته. واته جیهاد باشترین وهێژاترین عیباده ته که له زه مه نه جیاوازه کان. مه کانه جیاوازه کان ،ده کرێت وحوکمێکی خواییه له م ڕێبازه پرشنگداره .

ئايات وئه حاديس زۆرن له بواری فه ضڵ وگه وره ی جيهاد وموجاهيد ، به ڵام به پێی توانا ئه مانه خراونه ته به رده ست
له ئه بوسه عيدی خدری ريوايه ت كراوه كه :
پياوێک هاته خزمه تی پێغه مبه ری ئازيز ووتی: باشترين خه ڵک كێن؟ فه رموێ: موسڵمانێک كه به گيان وماڵی جيهاد ده كات له پێناوی خوا. ووتی دوای ئه و كێيه ؟ فه رموی: ئيمانداریێک كه له شاخ وچيايه ک ده ژی بۆعيباده تی خواوخه ڵک ده پارێزێت له شه ڕی خۆی ( متفق عليه )

ئه بوزه ری غه ففاری خواڵێی ڕازی بێت ريوايه تی كردوه كه فه رمويه تی به پێغه مبه ری ئازيز :
ئه ی ره سولی خواكام عه مه ل باشترو به نرخه ؟ فه رموی: ئيمان به خوا وجيهاد له پيناوی( متفق عليه )

ئيمامی نه سائی له سه رزمانی پياوێكی موتته قی ده فه رمويت:
پياوێک له خزمه تی پێغه مبه رپرسی: حاڵی ئه وكۆمه ڵه چونه له تاقی كردنه وه ی حساباتی ناو قه بره كاندا جگه شوهه داء ؟ پێغه مبه رفه رموی: بۆئه وانه ی كه له ژێرتاقی كردنه وه وحساباتن شمشێرێک كه له ڕاسه ريان ده دره وشێته وه كافيه.

**ابواب الجنه تحت ظلال السيوف**
واته :درگاكانی به هه شت له ژێرسێبه ری شمشێردان.

موجاهيد عه بدێكی مه حبوب وموعه ززه زه كه بۆخواوله پيناوی چۆته ريزی پياوان له مه يدانا دژبه ته وژمی دورندانه ی كوفرو ئيستيعمار.
له كۆتای دا ئاماژه ده كريته سه رئايه تی 18 سوره تی الزمر
الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُوْلَئِكَ هُمْ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ
ئه وانه ی گوێ ده گرن بۆقسه وگوفتارئينجا شوێن چاكترينی ئه وقسانه ده كه ون ئه وانه كه سانێكن خودا ڕێنموونی كردوون هه رئه وانه ن خاوه نانی ژيری وهۆش .

.............................................................................................................

2008